ئەی خەڵکینە، من ئەمەم کرد تەنها بۆئەوەی شوێنم بکەون لە (کردەوەکانی) ناو نوێژدا وفێربن چۆن نوێژ ئەنجامدەدەم

لە ئەبی حازم کوڕی دینارەوە دەڵێت: پیاوانێک هاتن بۆ لای سەهلی کوڕی سەعدی ئەلساعیدی گفتوگۆیان بوو سەبارەت بە مینبەرەکەی سەروەرمان ئایا لە چی دروستکراوە، (سەهل) ووتی: واللە من دەزانم لە چی دروستکراوە، وبینیم ؛ یەکەم ڕۆژ کە دانرا ویەکەم ڕۆژ کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەری دانیشت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەیامێکی نارد بۆ فلّان -ئافرەتێک لە ئەنساڕ کە سەهل ناوی هێنا- (پێی فەرموو): «فەرمان بکە بە غوڵامە دارتاشەکەت کە شتێکم بۆ دروست بکات لە دار بۆئەوەی لەسەری دابنیشتم کاتێک قسە بۆ خەڵکی دەکەم»، ئەویش فەرمانی کرد؛ بۆیە دروستی کرد لە داری (تەرفاء:طرفاء) لە (ئەلغابە:الغابة) -کە شوێنێکە نزیک لە مەدینە-، پاشان هێنای، ونێردرا بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد لەشوێنی مەبەست دانرا، پاشان بینیم پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی لەسەری کرد وتەکبیرەی کرد -ووتی: الله أكبر- کاتێک لەسەر (مینبەرەکە) بوو، دواتر ڕکوعی برد کاتێک لەسەر (مینبەرەکە) بوو، پاشان دابەزی بە پشتەوە (گەڕایەوە) ؛ سوجدەی برد لەسەر بنچینەی مینبەرەکە (لەسەر زەوی) پاشان گەڕایەوە، کاتێک تەواوبوو (لە نوێژکردن) ڕووی لە خەڵکی کرد، وفەرمووی: «ئەی خەڵکینە، من ئەمەم کرد تەنها بۆئەوەی شوێنم بکەون لە (کردەوەکانی) ناو نوێژدا وفێربن چۆن نوێژ ئەنجامدەدەم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پیاوانێک هاتن بۆ لای یەکێك لە هاوەڵان پرسیاریان لێکرد دەربارەی مینبەرەکەی پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم-: لە چی دروستکراوە؟ و لەمباریەوە ناکۆك بوون ومشتومڕیان بوو، ئەویش (سەهل) پێیانی ووت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەیامێکی نارد بۆ ئافرەتێك لە ئەنساڕەکان کە خزمەتکارێکی دارتاشی هەبوو، پێی فەرموو: بڵێ بە غوڵامەکەت کە میبەرێکم بۆ دروست بکات بۆئەوەی لەسەری دابنیشم کاتێك قسە بۆ خەڵکی دەکەم، ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە، وفەرمانی بە غوڵامەکەی کرد کە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مینبەرێك دروست بکات لە داری (تەرفاء:طرفاء)، کاتێك تەواو ؛ ئافرەتەکە ناردی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش فەرمانی کرد و لەشوێنی خۆی دانرا لە مزگەوتدا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (جارێکیان) لەسەری نوێژی کرد وتەکبیرەی کرد -ووتی: الله أكبر- کاتێک لەسەر (مینبەرەکە) بوو، دواتر ڕکوعی برد کاتێک لەسەر (مینبەرەکە) بوو، پاشان دابەزی بە پشتەوە (گەڕایەوە) ؛ بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بۆ پشتەوە، وسوجدەی برد لەسەر بنچینەی مینبەرەکە (لەسەر زەوی) پاشان گەڕایەوە، کاتێک تەواوبوو (لە نوێژکردن) ڕووی لە خەڵکی کرد، وفەرمووی: ئەی خەڵکینە، من ئەمەم کرد تەنها بۆئەوەی شوێنم بکەون لە (کردەوەکانی) ناو نوێژدا وفێر بن کە چۆن نوێژ ئەنجامدەدەم.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65096


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee